# لەبارەی زمان و زمانی کوردییەوە

ئاری عوسمان خەیات*
arikhayat@yahoo.com

**یەکەم: زمان چییە و چۆن پەیدا بووە؟**

سەبارەت بەو پرسیارەی سەرەوە، مەگەر پەنا بەرینە بەر سەرچاوە مێژووییە هەرە کۆنەکان، ئەمەش بێگومان بەردەستمان ناکەوێت، هەروا بە ئاسانیی، یان ئەوەتا تێروانین بە بۆچوون و ڕای زاناو بوارناسانی ئەم لایەنە، ئەگینا ناکرێ شتێکی وا لێرەدا بخەینە ڕوو کە جێگای متمانەی تەواو بێت. لەم بارەیەوە مامۆستا (کەریم زەند) بۆچوونێکی جوانی هەیە کە دەڵێ: (لە بەراییدا "وشە- وتە" لای یەزدان بووە، بریتی بووە لە ژیان و زیندوویی، ژیانیش تیشکی مەردووم بووە، ئەو تیشکە جیهانی ڕۆشن کردۆتەوە و لە تاریکی ڕزگاری کردووە، تاریکیش نەیتوانیوە تروسکەی ئەو ڕۆشناییە خەفە بکات. وتە (وشە) بەرجەستەیی پەیداکردووە، تا بۆتە هۆی لێک تێگەشتن لە نێوان مەردوومدا، لە ڕۆشنایی و تاریکی وشەی "نیک و بەد، چاك و خراپ" هاتۆتە بوون، لە دوواییدا هەردوو وشەی "نیک و چاك" بەسەر وشەکانی "بەد و خراپ"دا سەردەکەون). هەروەها دەڵێ (هەر وەك چۆن کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، لە پێشدا یەك بوون و دواتر بە پێی ڕووداو و کارەساتەکانی گەردوون و ژیانەوە، دابەش بوونە و هەر یەك لە جێگە و هەرێمێکی تایبەتدا لە سەر ئەم گۆی زەمینەدا جێگیربوون، ئاواش بەو پێی بناغەی دابەش بوونە، هەر کۆمەڵێك پارێزگاری کردووە لە شێوە زمانی خۆی و تا ڕۆژ بە ڕۆژ زمان هاتۆتە بوون و -بۆتە فاکتەرێکی سەرەکی لە گواستنەوەی زانیارییەکان لە نێوان مرۆڤەکاندا.)

دواتر لە بارەی زمانەوە دەنووسێ: (زمان داینەمۆیەکە خاوەن ڕووداو و سەلماندنە، واتاکانی سەرکەوتووە، شێوەی پەیوەندی بە ڕاڤەی وشەکانیەوە و ڕەگ و ڕیشەی وەستاو، قەوارە و بوونی میللەتان دەگۆڕێت، بە پێی کەلتور و ڕۆشنبیری و فراوانی بڵاوی هاتوچۆی نێوان مەردووم. زمان ئاوێنەیەکە نەریت و خووو، ڕەوشت و ڕەفتار و کرداری گەلەکەی تێدا دەرئەکەوێ)."1"

بەڵێ هەندێ لە زانایان و پسپۆرانی ئەم بوارە، پێیان وایە کە زمان هەر بە کوتوو پڕی هاتۆتە کایەوە، بە واتا پێویستی مرۆڤ بە هۆی دروستبوونی زمان دانانێن، لەوانەش: (شلیگل) کە لەو لەو باوەڕەدایە، زمانی (سنسگریتی) بە تەواوی و پێشگەیشتوویی هاتۆتە کایەوە و ئەم زمانە کۆنترین زمانی هیندۆ ئەوروپاییە، هەندێکی تریش ڕای وایە کە، زمان دیاردەیەکی خەملاوە و پێشگەیشتووە، نەتەوە لە قۆناغی لوتکەی پەرەسەندنی ئابوری و ڕۆشنبیری و شارستانییەتدا، وەدەستی دێنێ و دەیکا بە شوورەی قەوارەی تایەتی خۆی."2"

زمان لە کوردیدا مەبەستە، یان بڵێین وشەیەکە بۆ دوو مانا، واتا دووشت:

**یەکەم:** ناوە بۆ ئەو پارچە گۆشتەی کە لە ناو دەمدایە و دەستێکی باڵای هەیە لە دروستکردنی دەربڕین و ئەو ترپانەی (نبرە) کە پیتەکان دروشمی ئەوون.

**دووەم:** ناوە بۆ ئەو ئاخاوتنەی کە لە نەتەوەیەکدا باوە و ئەو نەتەوەیە بە هۆی ئەو ئاخاوتنەوە لەیەك تێدەگەن، کە ئەم ناساندنەش بە زمانی عەرەبی بە (اللغە) ناو دەبرێ. جا ئەم زمانە بەم ناساندنەی دووەمیانەوە ئایا چۆن پەیدابووە و داهاتووە؟

لەم ڕووە وە زانایان ئەبن بەچەند دەستەیەکەوە، هەریەکەشیان بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە بیروڕایەکیان دەربڕیوە، هەندێکیان کە دەستەی ئاینین، دەڵێن: (پەیدابوونی شتێکی - تەوقیف- واتا دەق (نص)ێکە، کە خوا تاکەتاکەی زمانەکەی بە ئادەم فێرکردووە و لەوێندەرێوە بڵاوبۆتەوە بەسەر ڕۆڵەکانی باپیرە گەورەماندا.

لەم بارەیەوە چەندین دەقی قورئانی پیرۆز هەن، بۆ نمونە لە سورەتی (البقرە، ئایەتی 31)دا ئەفەرموێ: (و علم ادم الاسماء كلها..)، هەروەها لە سورەتی (الروم، ئایەتی 22)دا هاتووە: (ومن اياته خلق السموات و الارض و اختلاف السنتكم و الوانكم ان في ذلك لايات للعالمين).

دیسان لە (اصحاح)ی دووەمی تەوارت و لە (سفر)ی تەکوینیدا, دەڵێ: (خوا لە قوڕ هەموو گیانلەبەری سەرزەوی و باڵندەی ئاسمانی دروستکرد, پاشان پیشانی ئادەمی دا, بۆ ئەوەی ئادەم ناویان بۆ دابنێ, ئادەم هەموو گیانلەبەری ماڵی و جرو جانەوەری کێوی و باڵندەی ئاسمانی هەر یەکە بە ناوی خۆیەوە ناوداری کردن).

بە پێی بیروباوەڕەکەی (قران)ی پیرۆز, کە – تەوقیفە – فەیلسوفی یۆنانی (هیراکلیتس) کە لە نێوان سەدەی شەشەم و پێنجەمی پێش زایندا ژیاوە, باوەڕەکەی ئەو دەستە بەرەیە بۆ (قران) و قسە ئاینییەکانی تر, چونکە ئەو لەسەر ئەو ڕایەیە کە پەیدابوونی زمان لە میهرەبانیی خواکانەوەیە. زانایانی ڕۆژاواییش؛ ئەوانەی کە باوەڕیانە بە – تەوقیف – هەیە بەڵگەی ئەوانیش دەق و قسەکەی (تەوراتە).

دەستەیەکی تر لە زانایان لایان وایە کە پەیدابوونی زمان شتێکی زاراوە (واتا اصطلاحي)یەو دەڵێن: (سەرەتا کە ئادەمیزادپەیدابوو و تۆزێ ژیرییەکەی پێگەیشتووە و دوو کەسیان یا زیاتر کە کۆبوونەتەوە کاتێ شتێکیان بەرچاو دەکەوت, شتەکە گیانلەبەر, یان جیا لە گیانلەبەر بووایە ئیشارەت و هێمایەکیان بۆ دەکرد و کوتوپڕ ناوێکیان لێدەنا, ئەو ناوە ئەگەر جارێکی تر پێویستییان بەو شتە هەبووایە, دەیانوتەوە. بەم جۆرەش ناو بۆ شتەکان داهات.

**دەستەی سێیەم:** قوتابخانەی زانای ئەڵمانی (ماکس میللەر)ە و مێژوونوسی نووسی فەرەنسی (رینان)ە, دەڵێن: (پەیدابوونی زمان شتێکی سروشتییە, ڕەمەکە (غەریزەیە) لە ئادەمیزاددا, بە هۆی ئەو ڕەمەکەوە ناو بۆ شتەکان دائەنێ, بە شێوەیەکی وا کە لەیەك تێبگەین, پاشان کە ئیشی خۆی گەیاندە ئەنجام ئیتر ڕائەوەستێ واتا لە هەر کۆمەڵە نەتەوەیەکدا دوای ئەوە کە غەریزەکە بە ئەندازەی پێویست وشەی دانا چ بۆ (ناو-اسم) چ بۆ (فرمان-فعل)و دواتر بۆ (ڕستە-جملە) ئیتر ئیشی نامێنێ ە ئەگەر زیاد لەوە لەسەری بڕوا, وە لە سەر ڕۆینە دەبێتە هۆی تێنەگەیشتنی تاکەکان و کارتێك دەچێ.

بەڵام باوەڕی چوارەم لە سەر چۆنێتی پەیدابوونی زمان, ئەڵێ: (پەیدابوونی زمان لە چاولێکەرییەوە بووە, بۆ ئەو دەنگانەی کە لە سروشت پەیدا دەبن, وەکو دەنگی گیانلەبەر و هاژەی گیا و گفەی با و هەندێ خشۆك و.. هتد, لەمەشەوە دەنگەکانیان داناوە, و پاشان هەر لەسەر ئەو ڕێبازە چوونەو بۆ دانانی ئەو شتانەش کە خۆیان لە سروشتد دەنگیان نییە, بەم جۆرە ناویان بۆ (ناو-کردار-ڕستە)ش داناوە."3"

ئەوەی شیاوی ئاماژە پێدانە لەم بارەیەوە, تەنیا ئەو چەند بۆچوونەی بوارناسانە و ئیدی ئێمە ناتوانین بڕیاری ڕاست و چەوتی بەسەریاندا بدەین و یەکیان هەڵسەنگێنین و ئەوانی دیکەیان فەرامۆش بکەین, یان ئەوەتا لەم بوارەدا زیاتر پێویستیمان بۆ لێکۆڵینەوەی ورد و درشت هەیە.

## دووەم: چەشنەکانی زمان

زمان کە هۆیەکە بۆ تێگەیشتن, مەیدانێکی بەر فراوان و بێ سنوورە, چ لە کاری تێڕامان لە بارەیەوە یان لە بارەی ناسین و چوونە نێو قوڵایی باسییەوە. لێرەدا بە پێویستی دەزانم ئاماژە بەچەشنەکانی زمان بدەم, ئەگەر چی بە شێوەیەکی سەرپێیش بێت.

1-**زمانە تێکەڵەکان**: (هەرەمەیی- سەرەتایی- بەرایی), وەکو زمانی ئەسکیمۆ, زمانە کەناری(سواحلی)یەکان لە ئەفریقیا, ئەم زمانانە هیچ ڕێزمانێکی بەسەردا ناسەپێ, وتا شتێکی جێگیر و چەسپاو نین, زۆرینەیان دۆزراونەتەوە و هێشتا لێکۆڵینەوەیان لەسەر نەکراوە,

2-**زمانی یەك بڕگەیی (کەنارگیر):** ئەم جۆرە زمانانە پیت یان ئامراز کۆیان ناکاتەوە, وەکو زمانی (چینی, ژاپۆنی, سیامی), بۆ وێنە: من بازار چووم... لە جێگەی من چووم بۆ بازار, بەکار دەهێنن, ئامرازی پەیوەستی و پەیوەندی نییە, کە بیبەستێ بە وشەکانی دیکەوە, پیتی ڕاکێش و بەستنەوە (ئیزافەوجەر), کە بە فارسی پێی دەڵێن (قیود), لەم جۆرەی تێدا نییە, بە کورتی ناوبەندی نییە کە پێکەوەیان ببەستێ.

3-**زمانی لکاو (ئەگۆتینەیت):** ئەم زمانە ئەبێ بە دوو لقەوە, کە بریتین لە:-

اائۆراڵ لە ئاسیا: ئەمەش بریتییە لە زمانەکانی (تورکی, مەغۆلی, مەنشووری, تاتاری ژاپۆنی, ئیلامی و سۆمەری).

بـائاڵتای لە ئەورووپا: ئەمەیان پێکدێت لە (فینۆ ئۆکری, کە ئەمەیش دەبێت بە: ئەستوونی+لاپی, کە فنلاندی و هەنگاری دەگرێتەوە. لاپی سەرووی فنلاند و سوێدە, ئەمانە کۆچەرن و بەرهەمی ئاژەڵیان هەیە, زمانەکەیان پارچەی دێتە سەر و پاشگری هەیە و لکاوە و شتی دەچێتە سەر و واتاکەی دەگۆڕێت, وەکو: گێلدم (ئەچم)- گێلمادم (ناچم), لە زمانی تورکیدا.

**4-زمانی نەرم:** وەکو زمانی (سامی و حامی و عەرەبی و حەبەشی و عیبری ئاریی –هیندۆ ئەورووپی-). ئەم جۆرە زمانانە توانای نەرم بوونەوەیان هەیە. بۆیە بە زمانی زیندوو دائەنرێن, بەڵام زمانە مردووەکانی ئەم بەشە (قیبتی- ئارامی- فینیقی- بەربەری- لیبی- ئاموری- کەنعانی- بابل-یە). حامی وەکو بەربەری و لیبی و قیبتییە, و سنووری نێوان حامی و سامیش کەنداوی (سوەیس)ە, زمانی کوردیش لە شێوەی نەرمە, بۆیە دەبێت بیگەیەنین بە زمانەکانی جیهان, بە تایبەت ئەو کۆمەڵە زمانانەی کە نزین لە کوردییەوە."4"

بەڵام بە پێی سەرنج و لێکۆڵینەوەی نوێی زانایان, زمان بە شێوەیەکی گشتگیر بریتییە لە چەند بەشێك, کە ئەمانەن:- زار (دیالێکت) و زمانی وێژەیی (ئەدەبی), زمانی ئایینی, زمانی میری, زمانی زیندوو, زمانی مردوو, کە بە پێی تواناهەریەکە و پێناسەیەکی کورتی دەکەین.

***زاراوە (دیاڵیکت):** بەشێکە لەو زمانەی کە هۆزێك یان ناوچەیەك پێی دەدوێن (دەئاخوێن), وتا زمانی گفتوگۆیە, و هی نووسین نییە.

***زمانی وێژەیی (ئەدەبی):** زمانی نووسینی میللەتێکە, زمانی بەرزە, وەکو زمانی کوردی پەتی و پاراو, زمانی عەرەبی دروست و هی تر...

***زمانی ئاینی:** زمانی لاتینی لە ئەوروپا و زمانی عەرەبی ئیسلامی لە دەرفەت و هەڵکەوتە ئاینییەکاندا, لە ناو کورددا بە کار دەهێنرێت.

***زمانی میری (ڕەسمی- سەرەکی):** زمانی کۆمار و دەوڵەتە.

***زمانی زیندوو (نوێ):** زمانی جیهانییە, (13) زمانی زیندوو هەیە لە سەر ڕووی زەمین, کە لە زۆر شوێندا بەکار دەهێنرێن, و ئەوانەش بریتین لە:- (ئینگلیزی, ڕووسی, ئەڵمانی, فەرەنسی, ئیسپانی, عەرەبی).

***زمانی مردوو:** کۆنە و لەناو چووە, مانێکە نەماوە لە جیهاندا, (3)هەزار زمان هەیە, ژمارەی زمانە کۆنەکان (500)دەبێت, کە بەکار نایەن و هی وایش ماوە لە گیانەڵانداية, وەکو لاتینی کە لە پێشدا زمانێکی زیندوو بووە."5"

## سێیەم: ڕیشەو بنچینەی زمانی کوردی

کورد نەتەوەیەکی هەرە دێرینی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستەو هەمیشە لە پێشەوەی گۆڕانەکاندا پێشەنگ بووە, خۆ دێرەکانی مێژوو گەواهیی بۆ ئەو ڕاستییە حاشا هەڵنەگرە ئەدەن. یەك لە بنەماکانی دروست بوون و هۆیەکانی نەفەوتانی ئەم نەتەوەیە, کە بە چەندەها هەڵدێر و کوێرە شیوی خەتەرناکدا گوزەری کردووە, زمانەکەیەتی, کە هەمیشە بەرگریی کردووە لێی. توێژینەوەکەشمان لەسەر زمانی کوردییە, بۆیە ئەبێ باسی ڕیشە و بنچینەی ئەم زمانە بکەین.بۆ ئەو مەبەستەش پێویستیمان بە پیاچوونەوەیەکی خێرایی هەیە, بەسەر کلێشەی دابەشبوونی زمانەکانی هیندۆ ئەورووپایی بکەین.

سەرنج و لێکۆڵینەوەکانی پێش پەنجا ساڵ, دەریان خستووە, کە زمانی کوردی زمانێکی ئارياییە, واتا (هیندۆئەورووپی), ئەگەر بێتوو تەماشایەکی نەخشەی زمانە هیندۆ ئەورووپیەکان و دابەشبوونی جوگرافیایی هاوچەرخ بکەین, دەبینین هیندۆ ئەورووپی کۆن چەند کۆمەڵە زمانێکی سەرەکی لێدروست بوو و جیا بۆتەوە, یەکێك لەو کۆمەڵە زمانانە (هیندۆ- ئێرانی)ە, کە دەبێتە سێ بەشی گەورەوە, ئەمانەن:- (دردی, هیندی, ئێرانی). هیندی تەنیا زمانی (سنسگریتی) لێ پەیدابووە, و ئەویش دەبێتە یانزە لقە زمانی دیکەوە, کە بریتین لە:- (سیندی، ڕۆمانی، نوردوو، هیندی، بیهاری، ئاسامی، پەنگال، مارانی، کوجوراتی، پەنجانی، سەنگالی)، بەڵام ئێرانی شەش لقە زمانیدیکەی لێ دەبێتەوە, ئەوانەش: (پشتو، بلوجی، کوردی، سوکدیانی، ئاڤێستا، فارسی کۆن)، لەهەمانکاتدا لقە زمانی فارسی کۆن, دەبێتە سێ بەشی دیکەوە, کە ئەوانە بریتین لە: (پەهلەوی، فارسی ناوەڕاست، فارسی نوێ)، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی, زمانی (هیندۆ ئەورووپی), ئەمڕۆ لە ئێشکایی ئاسیا و ئەورووپادا کۆمەڵەیەکی زۆر زمانی سەرەکی و کۆمەڵە لقێك زمانی جۆر بە جۆری تێدا هەیە, کە ئەمانەی لای خوارەوەن:

1. كۆمةلَة زماني هيندۆ ئةورووثي
2. كۆمةلَة زماني ئةندۆلي
3. كۆمةلَة زماني ئيتاليايي
4. كۆمةلَة زماني جةرماني
5. كۆمةلَة زماني كلتي
6. كۆمةلَة زماني بةلَتيك-سلاظي

ئینجا ئەم کۆمەڵە زمانە, خۆیشیان دەبنە چەند زمانێکەوە, یان بڵێین کۆمەڵە زمانێکی دووەمینەوە (ثانوي), کە هەموو زمانە هاوچەرخە هیندۆ ئەورووپییەکانی تێدایە.لێك نزیکییەکی ئاشکراش لە نێوان کۆمەڵە زمانە هیندییەکان و کۆمەڵە زمانە ئێرانییەکاندا بەدی دەکرێت,

ئەم لێكنزیكییەش بەلگەی ئەوەیە كە ئەو دوو كۆمەڵە زمانە, لە یەك شوێنەواری ڕەچەڵەكدا سەریان هەڵداوە؛ ڕەسەنیەكی هاوبەشیان بووە, كە ناوی (هیندۆ ئێرانی)ی لێنراوە, و بڕوایش وایە كە ئەو ڕەسەنە بێت كە ئەم لقانەی ئێستای كۆمەڵە زمانە هیندیەكان و كۆمەڵە زمانە ئێرانییەكانی لێ جیابووبنەوە. بەڵام كۆمەڵەی زمانە ئێرانییەكان, كە زمانی كوردی و فارسی و, ئەو زمانانەی تری كە لە پێشەوە باسكران, هەموویان هەر دەچنەوە سەر ئەو- دەكرێت بە سێ بنجەوە:-

1. زمانة ئيَرانييةكاني باكوور
2. زمانة ئيَرانييةكاني باشوور
3. زمانة ئيَرانييةكاني خؤرهةلآت

جا زمانی كوردی سەر بەو بنجەی یەكەمیانە (زمانە ئێرانییەكانی باكوور), بەڵام زمانی فارسی دەچێتەوە سەر بنجی دووەمیان (زمانە ئێرانییەكانی باشور), ئەمەش بەلگەیەكە, كە ئەو دوو زمانە هەریەكەیان بۆ خۆی سەربەخۆیەو لەیەك جیان."6"

لێرەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە و بۆمان دەردەكەوێت, كە زمانی كوردی زمانێكی سەربەخۆیە و لە كۆمەڵەی هیندۆ ئێرانی, لقی باكوورییە, بەڵام هەندێ بیر و ڕای جیاواز هەیە كە زمانی كوردی دەبەنەوە سەر زمانی (ئاڤێستا)ی زەردەشتی پەیامبەر, كە لە هەمان كۆمەڵە زماندایە (هیندۆ ئێرانی).

ئەم تیۆرەش لە لایەن زۆربەی لێكۆڵەران و پسپۆرانی وەك (هورات, دارمیستر)ەوە پشتگیری لێكراوە, كە كورتەی وتەكەیان دەڵێت: (زمانی ئاڤێستای زەردەشت, زمانی ئێستای كوردی و زمانی دێرینە..), لە هەمانكاتدا ئەبێ زمانی كوردی لە زمانی مادەكان بێت, چونكە زەردەشت بە زمانە میدییە دووایییەكەی مادەكان دوواوە و لە ژوورووی میدیاشدا, كە ئێستە بە (مۆكریان) ناودەبرێت, هاتۆتە دنیاوە.

زمانی كۆنی مادەكان, زمانێكی ئێرانی ژووروی ڕۆژئاوایە و ئەم زمانەش سەبارەت بە زمانی كوردی, هەر وەك زمانی دێرینی عەرەبی خوارو وایە, بۆ زمانی عەرەبی نوێ.

لە لێكۆڵینەوەی بەراوردی زمانی ئاڤێستادا' ئەو زمانەی كە لەوە و پێش بە ئاڤێستا ناودەبرا, تا لە فارسی كۆنی جوێ بكەنەوە, ئەم ڕاستییە سەلێنرا و پاش لێكۆڵینەوە بە زمانی مادی ناوبراوە. هەروەها (دارمیستر) دەڵێت: (زمانی كۆنی مادەكان, هەر هەمان زمانە كە ئاڤێستای پێنووسراوە, و چاكتر وایە ئەو كتێبە بە مادی ناو ببەن نەك بە ئاڤێستا, بەو شێوەیەی زاناكان دەیدەنە پاڵ ئاڤێستاو لە نێوانیاندا بلاوە). (تیدسكۆ)یش دەڵێت: ( زمانی ئاڤێستا سەر بە زمانی ژووروی ڕۆژئاوایە) و (هرتسفلید)یش لەم بارەیەوە پشتگیری لێوە دەكات و دەڵێت: (زمانی ئێرانی ڕۆژئاوایش, هەمان زمانی ماد دەگرێتەوە), هەروەها (ڕۆلاند كنت) لە دەنگەكانی زمانە ئێرانییەكان كۆڵیوەتەوە و بۆی دەركەوتووە, كە زمانی ئاڤێستا لە گەڵ زمانی مادەكان پتر یەك دەكەوێت, وەك لەگەڵ فارسیدا.

بەم شێوەیە دەبێت زمانی كوردی پاشماوەیەكی پێشكەوتوو و نوێی زمانی كۆنی مادەكان بێت و زمانی فارسیش هەر زمانی كۆن یان هاخامەنشی بێت."7"بۆ زیاتر پشتگیری كردنی ئەو بۆچوون و ڕایەی سەرەوە (مامۆستا محەمەد مەردۆخی كوردستانی) نووسیوێتی: (بنچینەی زمانی كوردی ڕۆژهەلات بە شێوەیەكی تەواو بریتییە لە زمانی مادی ئاڤێستا, ڕیشەو بنچینەی زمانی ئاریایی كۆنە, كە زمانی – ئانزانی- یان پێ وتووە)."8"هەر لەم نێوەوە, (سۆكۆلۆڤ) لە چەند خاڵێكی كورتدا دەری خستووە كەوا زمانی كوردی ئەمێستامان بریتییە لە توانەوەی زمانی ئاڤێستا و دەڵێت:

1-زمانی كوردی ئەمڕۆ بەسەر پاكی شێوازەكانییەوە, نەوەی نوێی زمانی ئاڤێستایەو ئەویش زمانی ئاینی و هی شارستانیەتی میدییەكان بووە و ئەمیش زمانی هۆزەكانی (ئێریەن ڤاچ)بووە, كە لە ژووروی ڕۆژئاوای ئێران -كوردستانی ئەمڕۆ- نیشتەجێ بوون و ئەو زمانەی ئەوانیش یەكێكەلە زمانە ئێرانییە هەرە كۆنەكان.

2-زمانی ئاڤێستا و زمانی ناوچەی (باكتریا) ئەگەر چی لەیەكترەوە نزیكبن, لە نێوانیاندا جیاوازییەكی زۆر هەیە, بەڕادەیە هەریەكە لەوانە بە زمانێكی سەربەخۆ دانراوە و سەرژمێر كراوە, تەنها هۆی كۆچكردنی زەردەشت لە كاتی تەنگانەدا, بۆ باكتریا و چوونە پەنای شای باكتریاوە, بۆ بلاوكردنەوەی دینەكەی ئەوە ناگەیەنێ كە بە زمانی باكتریایی دینەكەی بلاوكردۆتەوە, یان ئاڤێستای بەو زمانە باكتریایە داڕشتووە, ئەگەر زانیمان زمانی باكتری زمانی دایكزدای زەردەشت نییە.

3-بوونی و هەندێك دەنگ لە ئاڤێستادا و نەبوونیان لە (پارسی كۆن)دا یان بە پێچەوانەوە, بڕوامان پتەو و قایم دەكات بەوەی, كە هەریەك لەوانە زمانێكی جیاواز و سەربەخۆیە."9"

ئەوەی زۆر جێی سەرنج و تێڕامانە لەم بارەیەوە, بۆچوونەکەی (مامۆستا مەسعود کەتانی)یە, دەربارەی پێوەندی نێوان هەردوو زمانی کوردی و زمانی ئاڤێستا, ئەو بە شێوەیەك قسەی لێوە دەکات, کە تەواو پێچەوانەی ئەو ڕایەی سەرەوەیە و لە کتێبەکەیدا نوسیویەتی:

(..فاللغة الميدية كانت تسميتها ابضا أبستا او افستا او اوستا, قريبة جدا من كلمة الــ(بست)أي ان الكلمة الكردية هي معدن أي اللغة القديمة لدولة ميديا, فقد يكون الميديون اخذوا الكلمة الكردية و هذا احتمال قوي و يدل على ان اللغة الكردية اقوم و اقدم من الافستية الميدية التي دونوا بها كتابهم المقدس..)"10"

بەمپێیە مامۆستای ناوبراو پێی وایە کە زمانی کوردی زۆر دێرین و بەهێز تریشە لە زمانی ئاڤێستای میدیەکان کە کتێبە پیرۆزەکەیان پێ نووسیوەتەوە. مامۆستا کەتانی, هەر لە درێژەی باسەکەیدا, سەلماندویتی کە میدیەکان یەکە باپیری کورد نین و هەروەك (صلاح سعدالله)یش لەمبارەیەوە, پێیوایە کە کاردۆخییەکان باپیرە گەورەی کوردن, نەك میدیەکان, بەڵکو میدیەکان پتر لە بنچێکی دووەمی کوردان, هیچ تر بەولاوە نین, بۆیە لە کتێبەکەی هەردوو ئەوانەدا, زمانی کوردی لە ئاڤێستایی جوودا دەکەنەوە و بە سەربەخۆی دادەنێن."11"

## چوارەم: قۆناغەکانی پێگەیشتن و پێشکەوتنی زمانی کوردی

ئەوانەی لە سەرەوە هاتنە باسکردن و لێیان دواوین, دەربارەی ڕیشە و کرۆکی زمانی کوردی بوو, چ لە ڕووی دابەشبوونی جوگرافیاییەوە, چ لە ڕووی مێژووییەوە, ئەوەشمان بۆ ڕوون بوویەوە کە لە بارەی بنچینەی زمانی کوردییەوە دوو ڕای لێکجیا لە ئارادایە, بەڵام لێرەدا پێویست بەوە دەکات پیاچوونەوەیەك بەو قۆناغە مێژووییانەدا بکەین کە زمانی کوردیان پێدا تێپەڕیوە, و پێگەشتووە. ئەمەش بە شێوەی لای خوارەوە لە لایەن (د.جەمال ڕەشید)ەوە ڕوون کراوەتەوە و بەسەر پێنج قۆناغدا دابەشی کردووە, کە بریتین لە:-

**قۆناغی یەکەم:** ئەو سەردەمەی کە زمانە سەرەتاییەکانی تێدا پەیدا بووە, لە گوند و دێهاتە کشتوکاڵییەکانی چەرخی (نیولتی) لە هەزارەی شەشەم و پێنجەم و سەرتای هەزارەی چوارەمی پێش زایین, وتا قۆناغی زمانە نەنووسراوەکان (چەرخی پێش پەیدابوونی نووسین). ئەم قۆناغە دابەش دەبێتە سەر سێ زمانی جیاجیادا, جگە لە زمانی (سۆمەری), ئەمانەی لای خوارەوەن:

1. کۆمەڵە زمانەکانی عیلامي, وەکو (لولوبي, کاسي).
2. کۆمەڵە زمانەکاني قەفقاس, وەکو (ئۆراتي, هوري).
3. کۆمەڵە زمانەکاني خۆجێیەتي, وەکو (طۆتي).

ئەم زمانانەیش ئێستا پەرش و بلاون, هیچ کۆمەڵە مرۆڤێك نییە لە باکووری میزۆپۆتامیا یان ئەنادۆڵ و قەفقاس, کو دان بەودا نانێن زمانەکەیان پێوەندی بەو زمانانەوە مابێت.

**قۆناغی دووەم:** سەردەمی پێشکەوتنی زمانە خۆجێیەتییەکانە, و کاریگەریان لەسەر کەلتوری سۆمەری و ئەکەدی و بلاوبوونەوەی نووسینی مێخی (مسماری) لە باکووری میزۆپۆتامیا و ڕۆژهەلاتیدا, لەماوەی کۆتایی هەزارەی چوارەمی پێش زایین و ناوەندی هەزارەی دووەمی پێش زایین.

**قۆناغی سێیەم:** پەیدابوونی زمانی (میتانی) و (هیندۆ ئەوروپی) و بلاوبوونەوەی بەسەر ئەو ناوچە ناوبراوانەی پێشوو, لە ناوەندی هەزارەی دووەم و سەرتای هەزارەی یەکەمی پێش زایینیدا.هەروەها پێشکەوتنی زمانەکانی لولویی و گۆتی و کاسی, بە تایبەتی زمانی هۆریێکان (خوریکا).

**قۆناغی چوارەم:** سەرهەڵدانی ئاشووری و کاریگەری بەسەر زمانە خۆجێیەتییەکان, لە ماوەی نیوەی دووەمی هەزارەی دووەم و ناوەندی هەزارەی یەکەمی پێش زایین.

**قۆناغی پێنجەم:** سەرهەڵدانی زمانە ئێرانییەکان, کە بریتین لە زمانەکانی:-

- میدي: زمانی هەموو خێڵ و هۆزە کۆچیەرەکانی دەوڵەتی میدی بوو, کە بەرەو خۆرئاوای وڵات کۆچیان دەکرد.
- ئاظێستا: ئەم زمانەش تایبەت بووە بەو توێژە ئاینییەی وڵاتی مادەوە و هەرهەموو ئەوانەی باوەڕیان بە ئاینی (زەردەشت) هەبووە.
- ئەهلەوي و ساساني: زمانی سەرەکی بوون لە وڵاتی ساسانییەکاندا. ئەم قۆناغە لە سەرەتای هەزارەی یەکەمی پێش زاینەوە تا سەدەی حەوتەمی زاینی بەردەوامبووە, لە ماوەی ئەم قۆناغەدا (سێیەم و چوارەم) هەموو ئەو زمانانە کەوتنە ژێر کاریگەری زمانی (حیثیـة)کە

زمانێکی هیندۆ ئەوروپی بوو, لە خۆرئاواوە, هەروەها زمانی (لیدی)کە زمانی یۆنانی کۆنەو زمانی لاتینی, لە ماوەیچەرخی (الهللین) و کاتی دەست بە سەر گرتنی (ئەسکەندەر مەکدۆنی) بەسەر (بلاد الشرق)دا و سەرهەڵدانی دەوڵەتی (سلوقی و ڕۆمانی و بیزەنتینی)."12"

## پێنجەم: سەربەخۆیی زمانی کوردی ( لە نێوان زمانی کوردی و فارسیدا )

مێژووی شارستانییەتی هەر نەتەوە و گەلێك پێوەستە بە ڕادەی پێشکەوتنی زمانەکەیەوە, تێکچوون و فەوتانی لە ئاکامی پەرتوبلاوی و فەوتانی زمانەکەیەتی.

کوردیش وەکو هەموو میللەتانی دونیا, خاوەن زمانی تایبەتی خۆیەتی و دیارە لەو ڕێسایەش بەدەر نییە, بۆیە ئەکرێ هەر لە هەمان ڕێگەوە چەند و چرنێتی ئەم نەتەوەیە هەڵسەنگێنین, لە تەرازووەکانی مێژوودا.

لەم بارەیەوە ئەتوانین بڵێین زمانی کوردی جێگەو ڕێگەی خۆی کردۆتەوە لەم جیهانە بەرینەدا, ئەوەشی بیەوێت ئەتوانێت بە نێو سەرچاوە مێژوویە ڕاستەقینەکانی ئەم زمانەدا گەشتێك بکات, ئەگەر چی هەر لەم باریەوە چەندین بەرهەمی نا پوخت و دژ بە بێگەردی و سەربەخۆیی ئەم زامنە هاتۆتە بوون.

زۆرکات کە باس لە زمانی کوردی دەکرێ, زۆر کەس, نەك هەر لە کەسانی ئاسایی, بەڵکو لە زاناو پسپۆڕانی ئەو بوارەش, یەکاویەك تۆمەتی ئەوە ئەدەنە پاڵ زمانی کوردی کە گوایە لقە زمانێکی سەر بە فارسی کۆنە و هیچ سەربەخۆییەتێکی بۆ ناهێڵنەوە, هەڵبەت ئەمەش پێچەوانەی ڕاستییەکان و هەموو خاوەن هزرێکی هۆشمەند دروست و نادروست لێك جیا دەکاتەوە.

بێگومان ئەوەی بیەوێت بەرجەستەی خۆی بکات و سەربەخۆیی هەر شتێك (لێرەدا مەبەستمان زمانە) بسەلمێنێ, پێویستی بە لێکۆڵینەوەی ورد و درشتانە هەیە لەو بارەوە, نەوەك هەر چەند وشەیەکی لەو زمانەدا کەوتە بەرچاو, کە لەگەڵ زمانە دراوسێکەیدا وێکچوون, ئیدی ئەوەی پێ بەست بێت و کوێرانە و بەهەوەس و ئارەزووی دڵی خۆی لە ڕاست ئەو زمانە بدوێت.

خۆ زمانی کوردی شێوەیەکی بێ سەرو بەر نییە لە زمانی فارسییەوە چەمابێتەوە, و هیچ دیالێکتێکی ڕەشۆکی بێ سەروبەری فارسیش نییە, هەوەها زمانێکی سەر بە ڕەسەنی هیندیش نییە, هەر وەکو هەندێ گەڕۆك و نووسەر, کە خۆیان ئاگاداری زمانی کوردی نەبوون و شارەزایی تەواویان لێوە نەبووە, بڕوایان وابووە.

با ئەوەش لە یاد نەکەین, کە هەندەك لە گەڕۆك و نووسەرانی بێگانە, بە هەمان شێوە و بێ خەبەرانە زمانی کوردی بە زمانێکی داتاشراو لە زمانی کلدانی دەزانن. پەیدابوونی ئەو جۆرە بۆچوون و بیر و ڕایانەش دەگەڕێتەوە سەر دوو هۆکار, (فوئاد حمە خورشید) لە کتێبەکەیدا ئاماژەی بۆکردووە:-

1-کەمبوون یان بە دەگمەن دەستکەوتنی ئەو بەرهەم و نووسین و کەلەپوورانەی زمانی کوردی, کە گەلێك بۆ ئەو لێکۆڵینەوە و بەراوردکردنانە پێویستە.

2-زۆری دیالێکتەکانی زمانی کوردی.

بەڵێ, ئەم دوو هۆیەش لە بەردەم بێگانەدا کە بیەوێت بە تەواوی شارەزایی پاکی ئەم زمانە بێت, دەبنە کۆسپێکی هەرە گەورە و تووشی کێشەیەکی زۆری دەکەن, بە جۆرێك کە نەتوانێ لەمەڕ ڕەچەڵەك و سەربەچێتی ئەم زمانە شتێکی بەکار و ڕایەکی ورد تۆمار بکات.

بۆ ئەوەی بە شێوەیەگی زاستیانە بەرپەرچی ئەو جۆرە بۆچوونە چەوتانە بدەینەوە کە درهەق بە زمانی کوردی لە ئارادان و گوایە لقێکە لە زامانی فارسی, لێرەدا پەنا دەبەینە بەر وتەی چەند پسپۆر و زانایەکی شارەزا...

*جەستی: لەسەر ئەوە باوەڕی سوورە کە زمانی کوردی لقێك نییە لە زمانی فارسی, کە ئەمەیان دەستی کاولکاری تێوەرداوە و بێ بایەخ بووە, بگرە لە ڕووی ڕژێمی دەنگ و لێداتاشین و لێوەرگرتنیشەوە لە زمانی فارسی زۆر جیاوازە.

*سۆسینە: ئەوەی ڕوونکردۆتەوە کە زمانی کوردی دیالێکتێکی برا زمانی پەهلەوی و زمانی فارسی تازەش نییەو بەڵکو پێوەندی نێوانیان مەسەلەیەکی دوورترە, سەرباری ئەمە, ئەوەشی ڕوونکردۆتەوە, کە زمانی کوردی لقێکی زمانی فارسی کۆنیش نییە, کە لێی جیابووبێتەوە."13"

*سیدنی سمیس, دەڵێت: ئەمە ڕایەکی هەڵەیەو ئەقڵ گیر نییە, چونکە زمانی کوردی خاوەنی گۆڕانکاری تایبەتی کۆنی خۆیەتی, کە جیاوازییەکی زۆری هەیە لەگەڵ فارسی کۆندا و زۆریش لەو کۆنترە."14"

**-ئـا-یـوت:** زمـانی کوردی زمـانێکی سـەربەخۆیەو ڕەسـەنە لـە نێـو زمانـە ئێرانییەکـانـدا... زمـانی کوردی لـە کوردسـتاندا پارێزگـاری لـە سەربەخۆیی خۆی کردووە, هەرچەندە جۆرە پێوەندییەکی نزیکی لە گەڵ زمـانی فارسـیدا هـەبووە, بـەڵام لـە چۆنێتی پێشکەوتنیدا, هـیچ پێوەندییەکی پێوە نەبووە.

**-فردریك میولەر:** هەرچەندە زمانی کوردی و زمانی فارسی لە ڕووی ڕێزمانەوە, دەنگ, فۆنەتیك, لە یەك بچن, بەڵام بە هیچ جۆرێك زمانی کوردی لە زمانی فارسیەوە وەرنەگیراوە و زۆر وشەیش لە کوردیدا هەیە کە لە هیچ زمانێکی ئێرانی تردا نییە.

میولـەر لـە لێکۆڵینـەوە زمانـە ئێرانییەکانـدا بایـەخێکی گـەورەی بـە زمـانی کـوردی داوە و دەڵێـت: هەرچـی لێکرلێنەوەیـەك لـە زمانـە ئێرانییەکاندا بکرێت و زمانی کوردی تێدا فەراموش بکرێت, ئەو لێکۆڵینەوەیە بە کەم و کوڕ و ناتەواو دائەنرێت.

**-میجەرسۆن:**زمانی ئێستای کوردەکان زمانێکی شێواو و نارێك نییە, کە بنچینەو تایبەتی خۆی نەبێت, وەك گەڕۆکەکان تێگەشتوون, بـەڵکو زمانێکی ئاریایی زۆر پاکەو ئێستاش هەر بەردەوامە وهەیە.

**-مینۆرسکی:** زمانی کوردی لە زمانە ئێرانییەکانە و لە فارسییەوە وەرنەگیراوە, بەڵکو زمانێکی سەربەخۆیەو یاسای فۆنـەتیکی و سینتاکسی تایبەتی خۆی هەیە, پێوەندی ئەم زمانەش بە زمانی ئەدەبی سویسراییە شاخاوییەکان وایە بە زمانی ئیتالیاییەوە.

هەر لەم بارەیەوە سدنی سمیس, لە ڕایەکی دیکەیدا دەڵێت: زمانی کوردی تەنانەت لەو زمانە فارسییەش کۆنترە کە نەخشە بە ناوبانگەکەی (دارا)ی لەسەر کێوی بێستوون پێ نووسراوەتەوە."15"

ڕاسـتە هـەردوو زمانەکـە لـە ڕەگـەزدا هاوبەشـن, بـەڵام میانەیـەکی گـەورە لـە نێوانیانـدا هەیـە و جیـاوازی لـە (وشـە-مفـردات) و ڕێزمـان و گۆکردندا زۆرە, جگە لەمانەش ناسیاوی کۆنیان لە نێواندا هەیە و هەردووکیان سەر بە یەك کۆمەڵە زمانن کە ئـەویش هینـدۆ ئەوروپییـە, بەڵام لە بنچینەدا ئەم دوو زمانە ئاسمان و ڕیسمانیان بەینە و ناکرێ هەروا بە خاتری ئەمیان, ئەویان کوێر بکەینەوە.

لێرەدا ئاماژە بەو چەند خاڵەی (ڕزگـار عـەلی) ئـەدەم, کە هـاوەڵێتی نێـوان زمـانی کـوردی و فارسـی لەگـەڵ زمانـە هینـدۆ ئەوروپییەکانـدا بەتایبەت, و لەگەڵ زمانەکانی تری ئەو کۆمەڵەیەدا بەگشتی, دەرئەخات, ئەوانەش بریتین لە:-

1-لە یەکچوونی زۆری پیتە کوردییەکان لەگەڵ پیتە هیندۆ ئەوروپییەکان.

2- بەکارهێنانی هەندێ وشەی زۆر لە یەکەوە نزیك, تەنانەت لە گۆکردنیشدا هەر لە یەك دەچن, بۆ نمونە, لە بە کوردی دەڵێین (سێو), بە فارسی (سێب), هەروەها (ڕۆژ) بە کوردی و (رووز) بە فارسی, ئەمەش دیاردەیەکە و هیچ زمانێکی ئەم جیهانە, لێی بێ بەری نەبووە.

3-لە زمانی کوردیدا زۆر وشەی لێکدراو هەیە و بە جۆرێك کە فەرهەنگی زمانەوانی کوردی پێی دەوڵەمەند بـووە, هـەمان ئـەم دیاردەیـەش لە زۆرینەی زمانە هیندۆ ئەوروپییەکانی تردا بەر چاو دەکەون.

4-لە یەکچوونی هەندێ یاساو پێڕەوی زمانەوانی, لە نێوان زمانی کوردی و زمانە هیندۆ ئەوروپییەکاندا."16"

سەرەنجام ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت, کە ئەوەی بێگومانە و هـەموو سەرچاوەیەکی مێـژوویی ڕاسـتگۆ گـەواهی بـۆ ئـەدات, ئەوەیـە کـە زمـانی کوردی زمانێکی سەربەخۆی سەر بە کۆمەڵە زمانی هیندۆ ئەوروپییەو تەنانەت هیچ پێوەندییەکی وای بە فارسییەوە نییە, تا وەکو هەندێ کەسی نا شارەزا پێیان وایە, کە کوردی لەتێکە لە فارسی, ئەوەتا لەم بارەیەوە مامۆستا (ئەمین زەکی بەگ) دەفـەرموێ: (نـەك زۆری خـەڵك بەڵکو بەشـی زۆری زانایـان و موفەکیرانیش لـە دەربـارەی زمـانی کوردیـەوە یـات تـەواو بـێ خەبـەرن, یـان زۆر خـراپ تێگەشـتوون, کـە لـەم بابەتەوە پرسیاریان لێدەکەیت ئەڵێن: زمانی کوردی لەهجەیەکی تێکەڵ و پێکـەڵی زمـانی فارسـییەو هـیچ ئەسـڵ و ئەساسـێکی سـەربەخۆی نییە...).

خۆ ئەگەر ئێمە بە وردی تێبنواڕینە دێڕەکانی مێژوو, ئەوا زۆر بە سانایی بۆمان دەردەکەوێت, کـەوا زمـانی کـوردی زۆر لـە زمـانی فارسـی کۆنـترە, (واتا زمانی پەهلەوی). ئەنجا ئەگەر نەچێتە قاوخی ڕەگەز پەرست, یان شکاندنەوە و کەم کردنەوە لە پایەی زمـانی فارسـی, بـەڵام مێژوو هەر وابووە و ڕەحمی بە کەس نەکردووە, تا ئێستە من یان کەسێکی تر, بمانەوێ لاوازی زمانی فارسی لـە ژێـر ئـەو بـارە سـەنگینەدا وەدەرکەین.

لێرەدا باسـێکی کـورتی زمـانی (پەهلـەوی) ڕوونـدەکەمـەوە. هەڵبـەت وشـەی (پەهلـەوی) لـە وشـەی (فهلـە)ی عەرەبییـەوە وەرگیراوە, کـە بـۆ مەبەستی ڕاڤەکردن لە زمانی پێنج ناوچەی ئێرانی ئەو سەردەمە, کە بریتی بوون لە (ئەسفەهان, هەمـەدان, نەهاوەنـد, ئازەربایجان و دی) بەمەش دەردەکەوێت کەوا پەهلەوی بەو بەرتەسکییەوە لەو پێنج ناوچەیەدا ڕۆڵی هەبووە, نەك وەکو زمانێکی سـنوور فـراوان, بـەڵکو وەکو دیالێکتێکی بچووك وابووە."17"

هەندێ ڕاو بۆچوون ئەڵێن, کەوا زمانی پەهلەوی پاش هێرشەکانی سووپای ئیسلام بۆ سەر ناوچەکە تێکەڵ بە عەرەبی بووە, و دەرەنجام زمانی نوێی فارسی هاتۆتە ئاراوە, و پیتە عەرەبییەکانی وەکو (ذ-ض-ص-ط-ظ) خزاونەتە نێو پیتەکانی زمانی فارسییەوە و ژمارەیان بۆتە (33)پیت.

هەڵبەت یەکێك لەو بنەما پتەوانەی, کە بە هێزی و تۆکمەیی هەر زمانێکی لێ پێکدێت, نەتوانەوە و کارلێنەکردنی کوشندەی فاکتەرە دەرەکییەکانە, بۆ نمونە زمانی کوردی کە میللەتی کورد خاوەنیەتی بە درێژای مێژوو چەندین جار ڕووبەڕووی مەترسی گەورە بۆتەوە و هەڕەشەی لە مانەوەی کردووە, و دەرفەت بە ڕۆڵەکانی نەدراوە کە گفتوگۆی پێ بکەن, کەچی هەر ماوەتەوە و بگرە پەرەشی سەندووە, بەڵام وادیارە زمانی پەهلەوی یان فارسی, خاوەنی هیچ لەو تایبەتمەندییانە نەبووە و نییە, بۆیە شێوەی ڕاستەقینەی خۆیان لە دەست داوە. یان ئەوەتا هەر لە زمانی عەرەبییەوە وەرگیراون, و خۆیان لقێکن لە عەرەبی؟!.

ئەوەی تەماشای زمانی فارسی نوێچ بکات بۆی دەرئەکەوێ کەوا (7٪)ی وشەکانی ئەو زمانە بێگانەن و لە عەرەبی و زمانی ترەوە وەرگیراون و مامەڵەیان لە نێزدا دەکرێ, یان بە شێوەیەکی تر بڵێین؛ چونکە ئەو وشانە بەڕەسەن فارسی نین, بۆیە ناتوانن هیچ یاساو ڕێسایەکی ڕێزمانی بەسەردا بسەپێنن, تا دەرەنجام دەستەواژەی نەکوڵیویان لێدێتە بەرهەم, ئەم دیاردەیەش بە ئاشکرایی پانتایی نووسینە فارسییەکانی تەنیوە.

کار هەر بەوەوە ڕانەگیرا, کە لە عەرەبییەوە وشە وەرگرن, بەڵکو کار ترازاو چەندین وشەی کوردی و تورکی و ئینگلیزیش جێی خۆی لە فارسیدا کردۆتەوە, تا ئەو ڕادەیەی کە چەقەی لە جەرگی ئەدیب و نووسەرانی فارس هەڵگیرساند و لە (1315 خورشیدی)دا کۆڕی زمانی فارسییان دامەزراند, گوایە کار بۆ بنەبڕکردنی وشەی بێگانە بکا لە زمانەکەیاندا, کەچی کۆڕ بە ئاوات نەگەشت, بە تایبەت دەرهەق بەو هەموو وشە عەرەبییانەی وەکو (صنعتی, مشخصات, جوهر, مجتمع, عکس, و..هتد), من نالێم دیاردەی وشە وەرگرتن لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر, ڕەوانییەو بڤەیە, یانبلێم, زمانی کوردی لەو دیاردەیە بێبەشە,نەخێر, بەڵام ئاخر براینە ئەوەی زمانی فارسی هیچی تێدا نەهێڵاوەتەوە !

## شەشەم: هۆی پەیدابوونی دیالێکت چییە؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەیسەرەوە, کە وەکو سەر دێڕی ئەم بابەت قۆستوومەتەوە, بێگومان ئەبێ وەکو سروشتی سازدانی هەموو توێژینەوەیەك, پشت بە سەرچاوە ببەستین, سەبارەت بەوەش دوو بۆچوون لە ئارادایەو مامۆستا (عەلائەدین سەجادی) بەم شێوەیە ئاماژەی بۆکردووە:-

**یەکەم:** ئەو ناوچەی کە وشەیەکی بۆ شتێك بەکار هێناوە, کە لە ڕەواڵەتدا جیاوازی هەیە لە وشەی ناوچەیەکی تر بۆ هەمان شت. ئەمە وەنەبێ ئەو وشەیە جیابێ لەوەی ناوچەکەی تر, بەڵام ئەوەندە هەیە ئەم لە سەرەتای زمانیدا وای پێخۆش بووە کە بیلێت, واتا فۆنەتیکەکەی بە لای ئەمەوە وا خۆشتر بووە, ئیتر بەم جۆرە لەسەر ئەو فۆنەتیکە ڕۆشتوون و ناوچەیەکی تریش لەسەر هی خۆی, تا دیالێکتی جیاواز پەیدابووە.

ئەمە تا ڕادەیەك ڕاستە ئەگەر ئەو دوو وشەی ئەو دوو دیالێکتە گۆڕانەکەیان گۆڕانێکی ڕواڵەتی بێ, بەڵام ئەگەر لە بناغەدا گۆڕانی ڕواڵەتی فۆنەتیك هەر نەبوو, بەڵکو گۆڕانەکە گۆڕانێکی ڕیشەیی بوو, ئەوا ئەم دەستورە لەوێدا بەجێ نایە. بۆ نمونە ئەگەر لە ناوچەیەکی کوردیدا لە باتی (کیژ) وترا (کچ) ئەمە سەر دەگرێ, بەڵام ئەگەر ناوچەیەك وتی (کوچك) و ناوچەیەك وتی (بەرد), ناوچەیەك وتی (لووت)و ئەوی تر وتی (کەپوو), ئەمەیان بە هیچ جۆرێك سەر ناگرێ!. بەڵێ هەرچەن ئەو وشانەی لە هەر زمانێکدا (کە ڕیشەیان جیان) بە چاو زمانە بناغەیەکەوە زۆر کەمن.

ئەوەی پێویستە لێرەدا ڕوونی بکەینەوە, ئەوەیە کە ئەو بۆچوونەی سەرەوە, واناگەیەنێت کە ئەگەر هاتوو دوو وشەیەکی وەها بوو, ئیتر ئەو دیالێکتە لە دوو زمانی جیاوازن, بە پێچەوانەوە هەر یەکن و بە جۆرێکی زۆر کەم ئەو جیاییە لە هەندێ تاکە تاکەی وشەکانیا پەیدا بووە.

**دووەم:** لە هەر زمانێکدا ئاخاوتنێکی سەرەکی هەیە, واتا بەشێکی زۆر هەیە بە تێکڕایی ئەو تاکە تاکە وشانە, کە لەو زمانەدا هەن دەدوێن (دەئاخوێن).

یەکێك وەیا دەستەیەك لەوانە شوێن هەواری خۆیان بەجێ دێڵن و دەکەونە ناو دەستە مەردمێکی تری ئەو زمانەوە, ئەوانە کە کۆچیان کردووە و ڕۆشتوون جۆری ئاخاوتنەکەشیان لەگەڵ خۆیان بردووە بۆ جێگەکەی تر, ئەو کەسە وەیا ئەو کۆمەڵە کە, کەوتوونەتە شوێنەکەی تری, وشەیەك لە وشەکانی لای خۆیان لە شوێنی کۆچ بۆ کردووەکەدا دەڵێن, ئەو شوێنە و ئەو وشەیە تا ئەو سەردەمە باو نەبووە لە ناویاندا, وشەکە دەڵێن, کە بە جۆرێك لەگەڵ ڕێختی دیالێکتەکەی خۆیاندا ڕێککەوێ, واتا بۆیان نایە وەکو ڕەسەنەکەی خۆی بڵێین, بەڵکو تا ئەندازەیەك ڕوو دەکاتە تێکدراوی و بەو شێوازە لە ناویاندا بڵاو دەبێتەوە, یان یەکێك لە مەردەمی ئەو دیالێکتە دەچێتە شوێنێکی تر, لەو شوێنە هەندێ شە وەردەگرێ, بەڵام نەبە وەرگرتنێکی وەکو مەردەمی شوێنەکە, بەڵکو وەری دەگرێ بە هەندێ تێکدانەوە, ئەو وشە تێکدراوە دەهێنێتەوە بۆ ناوچەکەی خۆی و بەو شێوەیە بڵاوی دەکاتەوە, بێگومان دووریش نییە کە ناوچەکە پێشتر گوێی لەوشەی وانەبووبێ, بۆیە بەو جۆرە جێگیر دەبێ."18"

لە پاڵ ئەمەشدا پەیدابوون و هاتنە کایەوەی هەموو دیاڵکتەکانی ئەم جیهانە, لە زمانە لێك جیاوەزەکاندا, هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ژیانی ئابووری و هاتوچۆی بازرگانی و پەیوەندیە کۆمەڵایەتی و ڕامیارییەکان, جگە لە داگیر کردن و کۆچ پێکردن,هەر کۆمەڵگەیەك بە پێی ئاستی پێگەیشتووی خۆی ئەو هۆکارانە تێدا کاریگەریی دەنوێنی. بەو پێیەش زمانی کوردی دەستگیری ئەو هۆکارانە بووە, بەڵام دیالێکتەکانی زمانی ئێستای کوردی, لە ناوچەکانی کوردستاندا, هەموو بۆ تەنیا زمانێکی ڕەسەن و خاوەن بنچینەی سەربەخۆ دەگەڕێنەوە, کە ئەویش یەکەم زمانی کوریە.

ئەوەی پێویستە ئەبێ ئێمە جیاوازی زانستی نێوان هەردوو وشەی (زمان) و (دیالێکت-زار) بزانین, ئەنجا ڕۆچینە قوڵایی بابەتەکەوە, کە ئەویش (دیاڵکتەکانی زمانی کوردی)یە. بۆ ئەم جیاوازی کردنەش (د. کامل حسین) پێیوایە کە:"19"

| زمان | دیالێکت |
| --- | --- |
| 1- هۆی دەربڕینی گشت ئەندامەکانی (یان تاکەکانی) نەتەوەیە. | 1- شێوازی دەربڕینی کۆمەڵێك لەو نەتەوەیە,کە لە بەر پچڕاوی ناوچەی دانشتەکان, یەکێتی خزمایەتیان و چەند دەرفەتێکی تر پێوەندیان بەسەرچاوەی بیری زانستی و ڕۆشنبیری لاواز دەبێت. |
| 2- زمان تۆمارگەی ڕۆشنبیری و زانستی و وێژەیی نەتەوەیە. | 2- ئاوێنەی لێدوانێکی تەنگە بەرە, ئەگەرچی دەشێ ئەم ئاوێنەیە دەنگدانەوەی جۆرە بەرهەمێکی هۆنراوەیی بێت بێت لە کاتی زاڵبوونی زمان بەسەر چەند پارچەیەك لە کۆمەڵگای نەتەوە. |
| 3-بۆ هەموو لایەنەکانی لە دەنگ و وشەو ڕستە و داڕشتنی گشتی دەستوری چەسپاو و نووسراوی خۆی هەیە. | 3- دەستورەکانیان پچڕ پچڕن و ڕێگای پەیدابوونیان لابەلایی لە سەرچاوەی زمانی نەتەوایەتی جیابوونەتەوە. |

هەرچییەك سەبارەت بە وشەی (دیالێکت) هەیە, لێرەدا دەیخەینەڕوو. هەڵبەت بێشکین لەوەی کە ئەو وشەیە (دیالێکت) کوردی نییە, بەڵکو لە (dialect)ی ئینگلیزییەوە وەرگیراوە و لە نووسینە کوردییەکاندا بەکار دەبرێت, ئەگەر چی خۆشمان وشەی هاوواتامان بەرامبەری هەیە, کە ئەویش (زار)ە و هەندێ نووسەری تریش (شێوە)یان بەکارهێناوە بۆ ئەو مەبەستە. بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت ئەمەیان لە ڕووی داڕشتنەوە زۆر جار نارێك دەبێت, بۆ نمونە ئەبێ بنووسین (شێوە شێوە) بە واتای (جۆرە شێوە), بۆیە باشتر وایە (زار) بە کار بهێنرێت, کە لە ساڵی (1984) کۆڕی زانیاری کورد, پەسەندیان کردووە.

ئەوەی مابێتەوە بیڵێم لەم بارەیەوە, هۆی بەکارهێنانی وشەی دیالێکت لە لایەن خۆمەوە, تەنها بەو نیازەیە کەوا خوێنەری کورد زیاتر بە فراوانییەوە تێبنواڕێتە زمانەکەی و ئەنجاش ئەوەی ڕاستی بێت, زۆرێك لەو سەرچاوانەی کە لە بەردەستمدا بوون, بۆ ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیە, بە هەمان شێواز ئەم وشەیان بەکار هێنابوو. هەندێکیشیان وشەی (شێوە), کە من لای خۆمەوە گۆڕیومن بۆ (دیالێکت).

له مەڕ دابەشکردن و ژمارەی دیالێکتەکانی زمانی کوردییەوە, ئەم شێوەیە کە لای خوارەوە نیشان دراوە, باشترین شێوەیە, چونکە لەگەڵ هەموو ڕاستییەکی زمانەوانیدا ڕێك دەکەوێت و جووتە, هەروەها لە ڕووی هەلومەرجی جوگرافیایشەوە تەواوێ گونجاوە, کە ئەویش ئەمانەن:-

2-دیالێکتي طرمانجي خواروو.
3-دیالێکتي کرمانجي ناوەراست.
4-دیالێکتي کرمانجي باشوور.
5-دیالێکتي طۆران.

هەر یەکە لەمانەش دیالێکتی گەورەن و چەند لقێکی دیالێکتێکی ناوچەیی بەگشتی وێکچوویان هەیە, کە تەنیا لە سووکە جیاوازییەکی وشەی دیالێکتە هاوسێیەکەی بەولاوە, هیچ جیاوازییەکیان لە نێواندا نییە, و هەموو هەلومەرجێکی هاوزمانی و یەك دەنگییان هەر بەسروشتی بۆ ڕەخساوە و ئاشکرا دیارە. ئەو لقە دیالێکتانەش بریتین لە:-

1-**کرمانجی باکور:** (بایەزیدی, هەکار, بۆتانی, شەمدینانی, بادینانی, دیالێکتی ڕۆژئاوا).

2-**کرمانجی ناوەڕاست:** (مۆکری, سۆرانی, ئەردەڵانی, سلێمانی, گەرمیانی).

3-**کرمانجی باشوور:** (لوڕی ڕەسەن, بەختیاری, مامەسانی, کۆهگلۆر, لەك, کەڵهوڕ).

4-**گۆران:** (گۆرانی ڕەسەن, هەورامانی, باجەلانی, زازا). "20"

سەرەڕای ئەمانەش, ڕاستە کە لە باشووری خۆرهەڵاتی کوردستاندا (بابان) ئەم زمانە, تا دیالێکتی کرمانجی کەمێك جیاوازی هەیە, وەلێ ئەوە ڕاست نییە کە ئەو جیاوازییە کەمە بە جیاوازییەکی گیانی لە قەڵەم بدرێت. بۆ هەر کەسێك دیالێکتێکی لە دیالێکتەکانی ناوچەیەکی کوردستان بە چاکی بزانێت و فێری ببێت, دەتوانێت زۆر بە ئاسانیی لەو دیالێکتەکانی دیکەی تێبگات.

ئەمەو زۆرجاریش دوژمنانی نەتەوەی کورد, هەر وەکو چۆن هەوڵی تێکدان و شێواندنی زمانی کوردیان داوە, ئاواش کوێرانە کەوتوونەتە نێو دیالێکتەکانی زمانی کوردی و هاتوونە دیالێکتی (هەورامی) بە زمانێکی فراسی کۆن دائەنێن, و دەیان بیر و بۆچوونی دیکەی لەو چەشنە دەرهەق بە زمانی کوردی و دیالێکتەکانی بڵاودەکەنەوە.

لەم نێوانەدا زۆرێك لە پسپۆر و زانایانی ئەو بوارە, زۆر ڕاستگۆ و ڕاشکاوانە دەربارەی دیالێکتە کوردییەکان دوواون, لەوانەش:-

***ئەدمۆندز:** کوردستان وڵاتێکی بەرزی شاخاوییە و ڕێگە و بانێکی یەکجار سەختی هەیە, چەند سەدەیەك بەو جۆرە ماوەتەوە, بێ ئەوەی یەکبوونێکی سیاسیانەی بە خۆوە دیبێت, تا کەلەپوورێکی هاوبەشی بۆ دروست بێت, شتێکی دووریش نییە گەر بڵێین, دیالێکتە ناوخۆییەکانی ئەم زمانە زۆر جار لە دۆڵێکەوە بۆ دۆڵێکی دی, یات لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە, جیاوازە, بەڵام ناوەڕۆکە تایبەتییەکانی ئەم زمانە هەر وەکو هەندێ لە باوەڕپێکراوان دەڵێن: لەگەڵ ئەو دووری و جیاوازیەی نێوان هۆزە کوردەکاندا دەبینرێت, بەڵام ئەم دیاردەیە تەنیا بەوە دەدرێتەوە, کە ئەو هەموو دیالێکتانەی لە زمانێکی ڕەسەنی دێرینەوە وەرگیراون, کە زمانی مادەکانە, دیار و ئاشکرایە.

***مینۆرسکی:** ئەوەی مایەی سەرسوڕمان و یەکێتی کوردەکان بێت, زمانەکەیانە, کە هەرچەندە لەنێوان دیالێکتەکانیشیدا جیاوازی هەبێت, بەڵام لە ڕووی دەنگ و ڕێزمانەوە هەر تەنیا یەك زمانە. "21"

## هەشتەم: هۆی زۆری دیالێکتەکانی زمانی کوردی

لەم بەشەماندا هەر هێندە ماوەتەوە, کە ئاماژە بەوە بەدەین, کە ئایا بۆ لە زمانی کوردیدا دیالێکت زۆرە, ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە پێشتر باسی هۆکارەکانی هاتنە کایەوەی دیاڵکتمان کردو وتمانزمانی کوردیش بە پێی خۆی دەستگیری هەندێك لەو هۆکاران بووە, بەڵام لێرەدا بە شێوازێکی جیا و پوخت تر ئەو هۆیانە باس دەکەین, ئەمەش بەو چەشنەی کە (فوئاد حمە خورشید) لێی دوواوە, دوو هۆکاری گەورەن, کە ئەمانەیە:-

1)**هۆکاری جوگرافی:**

جێگای کوردستان و باری خوادەی چیایی سەخت و پێچ و پەنای گرانبڕ و شاخ و دۆڵی هەزار بەهەزار و بێ ڕێگاو بانی, هەوراز و لێژی و بێ شوومار, ڕووباری خوڕ و سەرماوسۆڵەی زستانیش, بە زۆری خێڵەکان (هۆزەکان)ی لێك دابڕیوە و تێکەڵییانی کەمکردۆتەوە, خۆ لە

چەرخەکانی ناوەڕاستدا ئەم هۆکارە ئێجگار کاریکەر بووە, چونکە ئەو سەردەمانە دانشتوانی کوردستان تێکەڵی و هاودەنگییان نەبووە, چ جای لێك فێربوونی بیروڕاو ڕۆشنبیری؟.

2)**هۆکاری سیاسی:**

کوردستان یەکێتییەکی سیاسی نەتەوەیی ئەوتۆی بەخۆوە نەدیوە, تا هەموو قوڵ و ناوچەو هەرێمەکانی بگرێتەوە, بێگومان ئەمەش زیاتر ڕێگر بووە, لە پێش بەیەك گەیشتن, ئەگەر چی چەندین میرنشینی سەربەخۆ و نیمچە سەربەخۆ, بە تایبەتیش لە سەدەکانی ئیسلامەتیدا لە کوردستان پەیدابوون, کەچی هێشتا ئەوەش زمانێکی کوردی یەك ڕەنگی نەهێنایە گۆڕێ و بگرە زیاتریش سەرپەڕی بە دیالێکتەکان گرتووە و زۆرتر لێکی ترازاندوون, چونکە ئەو دەسەڵات و میرنشینانە هەر یەك لە ناوچەو هەرێمێك جیاواز هاتنە بوون, و هەر یەکەشیان بایەخی زیاتری بە دیالێکتی ئاخاوتنی ناوچەکەی خۆی ئەدا."22"

ئەم زۆری دیالێکتە, لە زمانی کوردیدا یان لە هەر زمانێکی تردا بێت, هێندە کێشە نییە, تا وا بکات مەترسی بخاتە سەر ئەو زمانە, هەروەیش نییە کە تەنیا زمانی کوردی فرە دیالێکتی هەبێ و ئەو قسانە بۆ پاکانە کردنی خۆمانی بیکەین,نەخێر ئەوەتا زمانی ئینگلیزی وئەڵمانی بەدەست زۆر و بۆری دیالێکتەکانیانەوە قاڵبوونە, جگە لەوانیش چەندین زمانی دیکەی جیهان هەن, بە هەمان شێوە فرە دیالێکتیان تێدا وەبەر دیدە دەکەوێت, لەوانەش:

*هیند: زیاتر لە (250) زمان و دیالێکتی تێدایە, بەڵام (14) زمانی پەسەندکراوە, زمانی (هیندی و ئینگلیزی) بە زمانی نەتەوەیی ئەم وڵاتە ئەدرینە قەڵەم, لە زمان و دیالێکتەکانی دیکەشیان ئەمانەن:- (تلگو, پەنگالی, ماراتی, تامیل, ئۆردۆ, گوجاراتی, کاناری, مالایلامی, سانسگریتی, کەشمیری و...).

*نایجیریا: زمانی نەتەوەیی نییە.. بەڵام زمانی ئینگلیزی پەسەندکراوە لەم وڵاتەدا, زیاد لە (100)زمان و دیلێکتی تێدایە, ئەو زمان و دیالێکتانەش کە زیاد لە (3,5٪) خەڵکی پێی دەئاخوێن بریتین لە:- (هاوسا, ئەیبو, یوروبا, فولانی, تیف, کانوری, ئەیبیبۆ, ئایدو).

*گینیا: زمانی نەتەوەیی نییە, زمانی فەرەنسی پەسەندکراوە, لەم وڵاتەدا (7) زمان و دیالێکتی گەورە هەن, ئەوانەش:- (فولانی, ماندینگو, سوسو, کیسی, کپیلە, دیالانگە, لومارباندا).

*چاد (شاد): زمانی نەتەوەیی نییە, زمانی فەرەنسی پەسەندکراوە, زیاد لە (30٪)ی خەڵکی بە زمانی (عەرەبی) دەئاخفن, ئەو زمان و دیالێکتانەی لەم وڵاتەدا هەن, ئەمانەن:- (باگرمی, کانوری, داگو, هاوسا, ماسا, موسکو, مایا, مالاسیت, تاما, کورا, تدا, مبوم, کوتوکو).

*کینیا:زمانی ئەم وڵاتە کەنارییە (سواحلی), هەروەها چەند زمانێکی تری تێدا باوە, وەك:- (ئینگلیزی, کیکویو, لورکامبا, لوهیا, گۆسی, مرو).

*زائیر: زمانی نەتەوەیی نییە, بەڵام زمانی پەسەندکراویان (فەرەنسی)یە, لە دیالێکتەکانی ئەم وڵاتە:- (لویا, مونکو, کۆنگو, رواندا).

*چین: گەلێکی زۆر دێرین و ناوداری جیهان و مێژووە, هەرچەندە (ماندەرین) زمانی پەسەندکراوی وڵاتە, کەچی تا هەنووکە چەندین دیالێکت و زمانۆچکەی لاوەکی تێدا باوە, لەوانەش:- (چوانگ, ئۆیگۆر, هوی, لی, میاو).

*ئیسپانیا: ئەم زمان و دیالێکتانەی تێدا هەن:- (قشتالی-زمانی نەتەوەیی وڵاتە, کتلان, گالیگو, ئۆسکیرا)."23"

**نۆیەم: زمانی نەتەوەیی کوردی**

بێگومان میلەتی کوردی هەزار ساڵەهایە لە پێناو گەلێك خەونی مێژینەییدا تێدەکۆشی و ڕۆڵەکانی بۆ ماندوو دەکات, یەك لەو خەونە هەرە گەورانەی کورد, بوون بە دوڵەتە, پێموایە ئەوی تریان خۆی لە زمانێکی نەتەوەیی یەکگرتوودا دەبینێتەوە.

ئەمە وەنەبێ کورد هەرگیز خاوەنی دەوڵەت نەبووبێ و قەتیش زمانی نەتەوەیی بۆ خۆوە نەدیبێ, نەخێر ئەگەر بە چاکی تێبنواڕینە دێرەکانی مێژوومان, ڕوون دەبێتەوە کە ئەم میللەت خاوەنی کۆمەڵێکی گەورە لە سەروەرییەکان و خاوەنی شارستانییەتێکی بێ کەموکورتی بووە. بەڵام هەروەك داگیر کردن و داپڵۆسین ڕۆڵەکانی لێك دابڕاندووە, و هەر یەك کەوتوونەتە سەر وڵاتێك, ئاواش زمانەکەی پەرت و بەڵاو بۆتەوە, ئەمەش جارێکی تر بەجەرگی کوردان دەدەخات, کە هەمیشە لە تێکۆشاندا بەردەوامن و ورەیان ناڕوخێ و هەمیشە خۆیان بە یەك دەزانن, لە ڕاست گۆڕانکارییەکاندا. من دەپرسم, ئایا کوردێکی کوردستانی باکوور (تورکیا) چەنەهای چەن ساڵە کە بێبەش

کراوە لە ئاخاوتن بە زمانی دایکی خۆی, کە کوردیە, ئەگەر چی لە بیریشی چووبێتەوە (نەوە نوێیەکەی) بەڵام هەردەم چۆکی بۆ ئەو بێبەش بوونە, نەداوە و نایشدا. با لە باسەکەمان بە دەر نەبین, کە ئەویش دوانە لە سەر زمانی یەکگرتووی کوردی.

(د.کامل حسن البصیر) لەم بارەیەوە ئەڵێ: (پشپۆری کورد و ئەوانەی لە زمانی کوردیدا کارامانە ئیش دەکەن, لە کۆڕی لێکۆڵینەوە و بیردۆزیدا بەرەنگاری گەلێ کۆسپ و تەگەرە دەبن, کە دەیانەوێ سیماو تایبەتمەندییەکانی زمانێکی نەتەوایەتی کوردی دەست نیشان بکەن, و ڕەنگە بگەنە سەر ئەنجامێك و بڵێن: زمانی کوردی هیچ ڕۆژێك لە ڕۆژان لە دایك نەبووە.)

ئەنجاش دێتە سەر ئەوەی کەدەڵێ: (زمانی نەتەوایەتی کوردیمان ڕۆژێك لە ڕۆژان لە قۆناغێکی مێژووییدا لە دایك بووە و ڕەگ و ڕیشەی لە زەمینەی باری هەمە چەشنی ئەم نەتەوەیەدا کوتاوە و پەرەی سەندووە, وەکو زمانی نەتەوەکانی دیکەی ئەم سەر زەمینە ئەرکی سەر شانی خۆی ئەنجامداوە).

ئەم بۆچوونەی سەرەوە بە واتایەکی ڕوونتر ئەوە دەگەیەنێ, کە نەتەوەیی کوردی هەبووە و هەیە, بەڵام لە نێوان فرەیی دیالێکتەکاندا ون بووە, یان بڵێین شاراوەتەوە, بە واتایەکی تریش, ئەوە دەگەیەنێ کە زمانی نەتەوایەتی کوردی پێویستی بە چاکسازیکردن و هەڵسانەوە هەیە, نەك سەر لە نوێ بنیاتنان و بناغە بۆ دروستکردن. بۆیە ئەمە ئەرکی سەر شانی هەموو کوردێکە, کە هەوڵبدات و لەو پێناوەدا زیاتر خۆ ماندوو بکات.

بێگومان ئەم کارە هەروا ئاسان نییە, و پێویستی بە مەودایەکی مێژوویی هەیە, نەك بە ساڵ و دوو ساڵ هەوڵی تێکەڵ کردنی هەردوو دیالێکتە کوردیەکە بدەین و بڵێین ئیتر تەواو.

زمانی نەتەوەیی, بەو زمانە دەگوترێت کە ڕۆڵەکانی نەتەوە لە هەر لایێکی وڵاتدا بن, لێی تێبگەن و زمانی نووسین و خوێندن و وێژەییان بێت.

لەبارەی زمانی یەکگرتووی کوردییەوە, بوارناسانی کورد, لەم بارەیەوە چەندین بیر و ڕای لێك جیاوازیان هەیە, لێرەدا بە پێی توانا هەندێك لەو ڕێگا و هۆکارانەی کە دەکرێ بیانگرینە بەر لە بەدیهێنانی ئەو ئامانجەدا, ئەو ڕێگاو هۆکارانەش بریتین لە:-

1-یا لە زمانی نەتەوە بە هەموو دیالێکتەکانییەوە وەردەگیردرێت.

2-یان بناغەی ئەو زمانە ئەدەبییە لە یەکێك لە دیالێکتەکانی ئەو زمانەوە وەردەگیرێت, بە واتایەکی تر بڵێین لە ڕێگای سەپاندنی یەکێك لە دیالێکتەکانی ئەو زمانەوە.

3-یاخود پوختە کراوی زمانی قسەکردن, هەڵدەبژێردرێت.

4- لە خۆوە دروستبوونی شێوەیەکی ئەدەبی, ئەمەش بەم ڕێگایانە دێتە بوون:-

ا)بە هۆی نووسینەوەی کتێبێکی پیرۆزەوە, بە یەکێك لە دیالێکتەکان, هەروەك دیالێکتی قوڕەیش لە ناو عەرەبەکاندا, قورئانی پیرۆزی پێهاتە خوارەوە, تا لە ئەنجامدا ئەو دیالێکتە بوویە زمانی نەتەوەیی عەرەبەکان.

ب)بووژاندنەوەی ئەدەبیاتی وڵات بە یەکێك لە دیالێکتەکانی, ئەمەش لە سنوورێکی بەرفراواندا دێتە بوون.

ج)خزمەتکردنی زانست و زانیارییەکان و دەرکردنی ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێبی هەمەجۆر, بە تەنیا دیالێکتێکیان, ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی زمانێکی ئەدەبی ەکگرتوو.

د)هەندێ جار جۆری ژیانی کۆمەڵایەتی و پەیوەندی بازرگانی و ئابووری دەبنە هۆی دروستبوونی زمانێکی ئەدەبی یەکگرتوو.

5-هەوڵدانێکی ڕێکخراوی زانستییانەو لە سەرخۆ, بۆ بەرهەمهێنانی زمانێکی ئەدەبی.

ئەمەش بە ڕای (دکتۆر جەماڵ نەبەز) باشترین ڕێیە و تەنیا ڕێیە, کە کورد بتوانێ پێیدا بڕوا بۆ پێکەوەنانی زمانێکی ئەدەبی یەکگرتوو."24"

ئەمە لە لایەکەوە, بەڵام لە لایەکی ترەوە (فوئاد حمە خورشید) لە کتێبەکەیدا بۆچوونێکی دیکەی خستۆتە ڕوو و پێیوایە ئەوە ڕێگاچارەیەکی باشە بۆ گەیشتنی هەرچی زوو ترە بەو ئاواتە و دەڵێ: (ئێمە بە لامانەوە وایە, کە ئەگەر ئەو ئاواتە بە گشتی کۆمەکی نەکرێت و بڕواشمان وایە, کە ئێمەش لە ڕێی ئەم هەنگاوانەی لای خوارەوە هاوبەشییەکی پڕ بە دڵ و کاریگەری لەم ڕێگایەدا دەبەخشین:-

1-پێویستە لە ڕێی دەسەڵاتێکی باڵاوە نەخشە وپلانێکی ڕاگەیاندن و پەروەردەکردن و ڕۆشنبیرییەکی ئەوتۆ بە سەر هەموو لایێکدا بسەپێنرێت, کە ئەم ڕێبازە بگرێتە بەر و بەهێزی بکات.

2-دیالێكتی كرمانجی ناوەند (كە بناغەی زمانە یەكگرتووەكەیە) دەبێت لە ڕێی دامەزراندنی كۆ زمانێكی بە پرسیارەوە و هەموو وشەو زاراوە ز ڕستەی هەڵبژێراوی دیالێكتی كرمانجی باكوور و باشوور و گۆرانی تێدا بێت و پێیان دەوڵەمەند بكرێت, بەڵكو لە هەموو بارێكەوە پێگەیشتوو بێت و ئەو زاراوانەش كە جیهانین و بەكار دەهێنرێت, لە بیر نەكرێن.

3-پێویستە بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی كوردی (هەڵبەت لەم كاتەی ئێستەماندا وەزارەتی پەروەرد ئەو ئەركەی لە ئەستۆدایە), بە گوێرەی توانا, هەموو لێژنەكانی دانان و گۆڕینی كتێب, هان بدات كە تا ئەتوانن لە وشەو زاراوەی هەردوو دیالێكتە كرمانجییەكەی باكوور و باشوور هەڵبژێرن, چونكە لە ڕێی ئەم كتێبانەوە ئەو گرێیانە تەخت دەكرێن, كە وەكو كۆسپێك كەوتوونەتە سەر ڕێگای بلاوكردنەوە و سەپاندنی زمانە یەكگرتووەكە.

4-پێویستە پارتە سیاسی و ڕێكخراوە كوردییەكانیش لە بلاوكارییەكانی خۆیاندا ئەم ڕێبازە بگرنە ئەستۆ و لێی لانەدەن, بۆ ئەوەی وشەو زاراوە تازەكان تا بكرێ بە فراوانی بخرێنە كار و بنچ بهاون.

5-هەروەها لە ئەستۆی دەزگاكانی ڕۆشنبیری و بلاوكردنەوەدایە, كە ئەم ڕێبازە بگرنە بەر و ڕێنمایی ئەو نووسەرانە بكەن كە كتێب و نامیلكە و.. دەردەكەن, بۆ پێڕەوكردنی ئەو ڕییە.

6-پێویست كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی تری وەكو ئێسگە و تەلەفزیۆن و.. لەم ڕێبازە لانەدەن و لە كار و چالاكییەكانیاندا ئەم ئەركە بگرنە ئەستۆ.

7-بەرهەمهێنانی فەرهەنگێكی یەكگرتووی گەورە, كە سەرجەم وشەو زاراوەكانی هەردوو دیالێكتەكەی تێدا بێت, خۆ ئەكرێ لە كاتێكی ئاوادا وشەیەكی پێویست دەست نەكەوت, پەنا بەرینە بەر دیالێكتە بچوكەكانی ترمان, یان بگەڕێینەوە سەر ئەو زمانانەی كە سەر بە هەمان كۆمەڵە زمانن, لەگەڵ زمانی كوردیدا.

8-پێویستە وێژەوان و نووسەرانی كورد, لە دانانی كتێب و دەركردنی ڕۆژنامەو گۆڤارەكانیاندا ڕەچاوی ئەم ڕێبازە بكەن و هەوڵی ڕاستەقینەی بۆ بخەنە گەڕ."25"

- دەرچووی بەشی كوردی، پەیمانگەی مەڵبەندی مامۆستایان و خوێندكاری بەشی كوردی لە كۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی كەلار.

## پەراوێزەكان:

1) كەریم زەند: زمانی كوردی و هونەری وەرگێڕان، لا4-6
2) د. كامل حسن البصیر: زمانی نەتەوایەتی كوردی، لا23
3) عەلائەدین سەجادی: زانینی كرۆكی زمان، لا37-40
4) ه.س.پ، لا 36- 40
5) كەریم زەند: زمانی كوردی و هونەری وەرگێڕان، لا21-23
6) ه.س.پ، لا19-21
7) فوئاد حەمەخورشید: زمانی كوردی و دابەشبوونی جوگرافیایی دیالێكتەكانی، لا 19-21
8) زبیر بلال ئیسماعیل: مێژووی زمانی كوردی، لا49-52
9) محەمەد مەردۆخی كوردستانی: مێژووی كورد و كوردستان، لا91-84
10) سۆكۆلۆڤ: زمانی ئاڤێستا، لا 4
11) د. مسعود مصطفى الكتاني: اصل الكرد و كردستان و اصالة اللغة الكردية، ص77
12) صلاح سعد الله: عن لغة الكرد و تأريخهم، ص16
13) د. جمال رشيد احمد: دراسات كرديه فی بلاد سوبارتو، لا69- 70
14) فوئاد حەمەخورشید: زمانی كوردی و دابەشبوونی جوگرافیایی دیالێكتەكانی، لا 69-70
15) محەمەد مەردۆخی كوردستانی: مێژووی كورد و كوردستان، لا 86
16) زبیر بلال ئیسماعیل: مێژووی زمانی كوردی، لا 92-97
17) رزكار علي عبدالرحمن: الوجيز في تعليم اللغة الكردية، ص7
18) د. مسعود مصطفى الكتاني: اصل الكرد و كردستان واصالة اللغة الكردية، ص70

19 ) عەلائەدین سەجادی: زانینی کرۆکی زمان، لا 43-46

20 ) د. کامل حسن البصیر: زمانی نەتەوایەتی کوردی، لا 21-22

21 ) فوئاد حەمەخورشید: زمانی کوردی و دابەشبوونی جوگرافیایی دیالێکتەکانی، لا 38-40

22 ) زبیر بلال ئیسماعیل: مێژووی زمانی کوردی، لا 100-102

23 ) فوئاد حەمەخورشید: زمانی کوردی و دابەشبوونی جوگرافیایی دیالێکتەکانی، لا 42-44

24 ) صلاح سعد الله: عن لغه الکرد و تأریخهم، ص36-37

25 ) کەریم شارەزا: نالی و زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی، لا94-97

## سەرچاوەکان بە زمانی کوردی:


1. جەمال نەبەز: زماني يەكطرتووى كوردي،بامبيَرط-ئەلمانيا، 1978
2. زوبيَر بيلال ئيسماعيل: ميَذووى زماني كوردي، بەغدا،1977
3. سؤكؤلؤظ: زماني ئاظيَستا،بەغدا، 1988
4. عەلائەدين سەجادي: زانيني كرؤكي زمان، بەغدا، 1977
5. فوئاد حەمەخورشيد: زماني كوردي و دابەشبووني جوطرافيايي دياليَكتەكاني، بەغدا، 1985
6. كامل حەسەن بەسير: زماني نەتەوايەتي كوردي، بەغدا،1984
7. كەريم شارەزا: نالي و زماني ئەدەبي يەكطرتووى كوردي، بەغدا 1984
8. كەريم زەند: زماني كوردي و هونەري وەرطيَران، سليَماني، 1977
9. محەممەد مەردؤخي كوردستاني: ميَذووى كوردو كوردستان، بەغدا1991


## سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی:


1. رزكار عبدالرحمن: الوجيز في تعليم اللغة الكوردية، بغداد 1985
2. صلاح سعد الله: عن لغة الكرد و تأريخهم (نقد في الثقافة الكردية)، بغداد 1989
3. مسعود مصطفى الكتاني: اصل الكرد و كردستان و اصالة اللغة الكردية (مقارنة, مناقشة وتحليل لاراْ فيلولوجيين و علماء متخصصين في اللغات الهندو-اوربيبة، دهوك 2002